# گەردوونی شیعر



ئالان ئیسحاق پەری

**ئێمە هەمووماڤ مرۆڤێکین لە چەند وشەیەک پێک هاتووین،گرنگ ئەوەیە ئەو وشانە چۆن ڕێکیان بخەین و چۆن ماوەی مانەوەیان لە ڕۆحماندا درێژ بکەینەوە.**

ئەگەر کات پێویستی بە نوسین هەبێ، ئەوا شاعیر نوسەری ساتە خێراو چرەکانێتی، گەر ئاو و ڕەشەبا و ئاسمان و گڵ پێویستیان بە نوسینەوە هەبێ، ئەوا شیعر دێرینترین داهێنەری هەموو سەردەمێکە.

گەر سەرکێشی و یاخی بوون و نامۆبوونی مرۆڤ تۆمار بکرێن،ئەوا وێنە لە پڕ گیراوەکانی ناو ناخی شاعیر گەورەترین پەڕاوی دۆزراوی سەر زەمین و ژێر ئەستێرە و هەناوی هەیڤن.

گەر باڵندەکان نوسینیان دەزانی هەرگیز نە دەفڕین...،گەر نوسەریش شیعری نەبوایە باڵی دەگرت و بەهێزو توانای خۆی دەفڕی.

گەر سەرۆکەکان و جەنڕاڵەکان و خاوەن بیرۆکەکانی جبەخانە بایەخیان بە شیعر دەدا ئەوا وشەیەک نەدبوو بە ناوی جەنگ و وێنەکانی کاول کردنی جیهان نەدەچووە دەقێکی شیعرییەوە.

کاتێک زایەڵە دەنگی خۆی نەناسێتەوە و ئاوازی هەوا کپ بکرێتەوە...، کاتێک بە هەڵەیەکی سروشت ،خۆر بە تیشکێکی خۆی ئاسمان داخ بکات، کاتێک گۆی زەوی لە گلێتی خۆی پاشکەز دەبێتەوە و هەناوی گەردوون دێتە شەقان و زەریاکان لە ساتێکی توڕەییدا خۆیان وشک دەکەن، کاتێک ساراکان بە ئاوی زریانەکانی تۆڵە دێنە خنکان، کاتێک دونیا پڕ دەبێ لە جبەخانەیەکی گەورەی بارووت و جیهان دەبێت بە چەند بەشێکی جیا و چەند کەرتێکی نا تەبا.. ئەو

کات مرۆڤ دەبێتە نوسەرێکی بەتوانا لە بۆ پرسیار کردن و شیکارکردنی قەدەرەکان ..، نوسەر دەبێتە مرۆڤێکی بلیمەتی سەردەمی خۆی بە دەرکردنی شەڕانگێزەیی و لابردنی دەمامکە ژەهراوییەکان.

ترس و قیژە و خوێن کە لە مەچەک گرتنی شمشێرو تفەنگ و جەنگەکان دێنە کایەوە...دەق ی ژیان بوونی نامێنێ،خوێندنەوە دەوەستێ و خۆشەویستی بۆ شوێنەکان لە یاد دەکرێ.

وشە کە لە هێمنی دەریاکان دێتە دروست بوون و سرووش دەبێتە پەرییەکی ڤێرجنیی ڕستەو وێنەکان.....شیعر و شاعیر لە پێکی یەک میهر مەفتوون، دەبن وەک دوو ئاوونگێکی ئاویی، ئەڤینداری بۆ مرۆڤایەتی دەهێنن.

نوسین پەرستگای هەر شاعیرێکە، هەروەها نوسینەوە پەرستاری برینەکانی ژیان و شیعرەکانێتی.ئێمە کاتێک دەبینە هۆنەر ئەوکاتەی کە مرۆڤەکان لە شەڕانگێزیی خۆیان ناکەون و میلی کاتژمێرەکان بە خێرایی بەگەڕ دەخەن...کاتێک کە شوێنگە تاریک و زبرو بۆرەکان هەستی بینینمان چەواشە دەکەن..کاتێک بۆنی گوڵمان لێدەسەنرێتەوەو ڕەنگی باخچەیەکمان دەسوتێنن و هەستی شاخ دەڕووشێنن و کانییەکان لێڵ و پەست دەکەن...، ئا لەو کاتانە دەبینە هۆنەر کە بتوانیین لە چەوتی و ناپاکی و بێ ئەمەکی بدوێین...

ئەمەیە شیعر...کە سەرسام بوویت بە نهێنییەکانی قەدەر و درووستبوون و مانەوە و دواتر موچورکەکانت لە ڕۆحی ماچێک ئاڵاند و پۆشاکی دڕندەییت دایە دەست خاوەنەکانی و قامچیت فڕێدایە بەردەم جەلاد و خۆت بە مژینی گۆی مەمکی زەوی خەریک کرد و خاکت پڕ کرد لە خەون...دەبیتە شاعیر.

کە هێشتت پرچی خاوی شەوان بەر دەستت بکەوێ و بارانت کردە باوەش،کە پێنوسی گوڵت خستە سەر کاغەزی گەڵاکان و دڵ ڕەقییت بەخشییە گورگەکان و لە پانتاییەکانی ژیان تێربویت و لەسەر هێڵە ئەندێشەییەکان خەوت لێکەوت و چویتە خەوی ئاسمان و پەشمەکی شیرینی سپیت بە خۆت چەسپاند دەبیتە شاعیر.

شیعر پێویستی بە ستایش و سوپاس نییە ،ئەوەندەی پێویستی بە گوێگرتن و ڕامان هەیە

وەلێ نوسین ئەو چاڵە گەورانەی زەوی کە لە ئاسەواری شەڕ دروست دەبن بە زریانێکی وشەوە پڕیان دەکات و زەوییە نە دۆزراوەکانی مانگیش بە فڕینێکی ئەبەدی، ئاوەدان دەکاتەوە.

پێش ئەوەی هەر شتێک بکرێ پێویستە شیعر بنوسرێ و ببیسترێ و بجوڵێ وفەرمانی شیعر نانەوەی هەرایەک بێت کە کۆمەڵ بگۆڕێ و هزرەکان نوێبکاتەوە ..شیعری ڕاستەقینە بۆ ڕازیبوونی مرۆڤەکانی دیکە نانوسرێتەوە ،وەک چۆن شاعیری ڕاستەقینە ڕەزامەندی لەکەس وەرناگرێ بۆ قبوڵکردنی یان فەرامۆشکردنی...،شیعر و شاعیر سنورەکان ناخوێننەوەو هەندێ جاریش یاساکان دەپەڕێنن.

گەر شیعر نەبێ پرۆژەیەک نامێنێ بە ناوی ژیان و هەتاوێک نابێ ڕۆژ لە ئارایشتی سروشت و لە زیندانی تاریکی دەربکا....ئێوارەیەک نابێ بە ناوی خۆشەویستی و شەویش ڕەش پۆش نابێ بۆ ئازارەکان.

ئێمە ساتێک لە هەناسە بەدی ناکەین گەر ڕستەیەکی شاعیرانە بۆ مرۆڤێکی هاوڕێمان نەخوێنینەوە،هەست بە نامۆیی دەکەین گەر ئاوازەکان بە وشەی شیعر نەمانجوڵێنن...و گەر سەماکەرەکان زەویی نەلەرێنن و هەژانێکی شاعیرانە نەخوڵقێنن ئەوا لە دیمەنەکان و لە پەیکەرێتی دەرقوە وەڕس دەبین.

زۆرن ئەوانەی کە لە ڕاستی شیعر بێزارن و ناڕازیین بە هۆنینەوەی جیهان ...زۆریش دەڵێن کە شیعر درۆیەکە دەبێ هەبێ..!! ئەوە شیعر نییە درۆ دەکات بەڵکو کەسەکان بە هەڵەی چاویان و بە بیرکردنەوە گەندەڵییەکانیان هەڵدەخەڵەتێن و شیعر بە درۆ دەخەن.

تا ڕاستی بە ئومێدی دەسپێردرێ و تا توانایی بە مانەوە دەبەخشرێ، تا کێشەکانی متمانە لە گومڕانی یەک لا دەبنەوە..، شیعر بە هێمنیی لە سەر کەنارەکانی خەم ڕادەکشێ و هەندێ جار لە بری گریان، قاقاکانی خۆی بە هەموو گەردوون دەناسێنێتەوە... لەهەندێ ساتی پڕژاندنمان بە ئارەزووەکانمان، بێ ئاگاین لەوەی کە شیعر لەوەستانی شتەکان ڕادەمێ و لە خەفتنی بوونەوەرەکان دێتە هۆش و بۆتە ئێشکگری مرۆڤە زیڤارەکانی تر...